گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری بەکارهێنانی ئیستراتیجی گەردەلوولی مێشك لەسەر توانای بڕیاردان لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەم و دەستکەوتی خوێندنیان لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ناوەندی شاری کۆیە

**شەمۆڵ ئاشتی صابر**

بەشی دەروونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

shamol.746705@gmail.com

**پ. ی. د. جوان نوری رسول**

بەشی دەروونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

jwan.nwri@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Brain Storm, Academic Achievement, Decision-Making, Strategy, Purpose, Scale

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.10

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانستی کاریگەری بەکارهێنانی ئیستراتیجی گەردەلوولی مێشك لەسەر دەسکەوتی خوێندن و توانای بڕیاردان لەبابەتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

بۆ ئەم مەبەستەش دوو گریمانی سفری سەرەکی دانران کە بریتی بوون لە:

1 /هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی سفرەکانی گرووپی ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێدەوترێتەوە ناوەندی نمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی.

2 /هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی سفرەکانی گرووپی ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێدەوترێتەوە ناوەندی نمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە توانای بریاردانیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی.
مێتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا لە جۆری مێتۆدی نیمچە ئەزموونی بوو، لەگەڵ تاقیکردنەوەی پاشینە لە دەستکەوتی خوێندن و تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ توانای بڕیاردان.
نمونەی توێژینەوەکە ژمارەیان (21) خوێندکار بوو.
توێژەر بۆ دڵنیابوون لە راستگۆیی رەواڵەتی 85% دەنگی شارەزایانی بەدەستهێنا، دواتر لەسەر کۆمەڵەیەکی سەرەتایی تاقیکردەوە کە پێکهاتبوون لە (50) خوێندکاری کچ و کوڕ، بەمەبەستی نەهێشتنی گومان جێگیریەکەی (87) بوو کە ئەمەش جێگریەکی بەرزو گونجاوە.
توێژەر بە مەبەستی پێوانە کردنی توانای بڕیاردان لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی پێوەرێکی وەرگرت کە لە (26) برگە پێکهاتبوو، جێگری بۆ دۆزرایەوە کە (85) بوو.
ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە دەریخست ڕێگای گەردەلوولی مێشك کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر هەریەك لە دەستکەوتی خوێندن و توانای بڕیاردان. ئینجا پاش جێکردنەوەو لێکدانەوەی ئەنجامەکان توێژەر چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێکی پێشکەش کردی.

# 1. پێشەکی

## 1.1. کێشەی توێژینەوە:-

زۆر کێشە هەن کە خۆیان دەسەپێنن دەرەنجامی تەقینەوەی زانەکی لە هەموو بوارەکان سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ، بواری تریش، وای لێهاتووە بیرکردنەوەو داهێنان بوونەتە پێداویستیەکی بەهێز. بۆ گەیشتن بەو پێشکەوتنانەی کە لە جیهاندا روودەدەن و ئاراستە بوونەوەی هەڵوێستەکانی ژیان بەشێوەیەکی ئەرێنی و توانا بوون لە بڕیاردان و زاڵ بوون بەسەر چارەسەر کردنی کێشەکان کە بووەتە یەکێك لە ڕەواڵەتە سەرەکیەکانی هەززەی سێ هەم، و زۆر لە پەروەردەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی فێربوون بریتییە لە کارکردن بۆ بەرەوپێش بردنی توانای فێرخوازان ئەوانەی کە جیا دەکرێنەوە توانا بوونیان لە تێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بەشێوەیەکی کاراو بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگای گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمەکە. و پەروەردەیی نوێ جەخت دەکاتەوە لەسەر فێرکردنی جۆری نوێ کە پێویستە گرنگی بدرێت بە هەموو کارامەییە ژیانیەکان لەوانەش کارامەیی بڕیاردان (الندوة الاقليمية العربية، 2000، ص11) بۆیە ئێمە زیاتر پێویستمان بە ستراتیژیەتی فێرکردن و فێربوونی هەیە کە چاومان ڕوون بکاتەوەو بە ئاسۆی فێرکاری فراوان و جۆراوجۆر و پێشکەوتوو کە یارمەتی فێرخوازانمان بدات بۆ دەوڵەمەند کردنی زانیاریەکانیان و گەشەسەندنی کارامەیی عەقڵی جۆراوجۆر و مەشق کردنیان لەسەر داهێنان و بەرهەمی نوێ، کە ئەمەش بەرپا نابێ بەبێ بوونی مامۆستای پسپۆر کەوا هەلی بەشداری ببەخشن لە دانانی گشتگیری و داڕشتنەوەیان لە ڕێگای زیادکردنیان بەسەرچاوەی گونجاو ووروژاندنی گرنگی پێدانەکانیان چونکە کارامەیی بیرکردنەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لە کارامەیی تر، کەوا چاك دەبێ بە وانەوتنەوەو ئەنجامدان و فێرکردن.

دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

1. ئایا بەکارهێنانی ڕێگای گەردەلوولی مێشك کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی کۆمەڵایەتی هەیە؟
2. ئایا بەکارهێنانی ڕێگای گەردەلوولی مێشك کاریگەری لەسەر توانای بڕیاردان لە بابەتی کۆمەڵایەتی هەیە؟

### 1 .2. گرنگی توێژینەوە:-

چەرخی ئێستا بە گۆرانکاری خێراو کێبرکێی زۆر جیا دەکرێتەوە، و ئەم گۆرانکاریانەش پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و کرانەوە بەسەر جیهانی گرتۆتەوە بەهۆی پەیوەندی جۆراوجۆرەوە، و بۆئەوەی لەم پێشکەوتنانەدا نەبینرێن پێویستە گرنگی بدەین بە گەشەسەندنی هزری داهێنانکار کە بتوانێ گرفت و کێشەکان چارەسەر بکات بۆیە گەشەسەندنی هزری فێرخوازان بووە بە ئامانجی سەرەکی بۆ پرۆسەی پەروەردەیی لەهەموو جیهاندا چونکە پێشکەوتنی ووڵاتان بە ڕادەی توانای گەشەسەندنی هزرو عەقڵی ڕۆڵەکانی پێوانە دەکرێ. و بۆ بەدیهێنانی ئەمە زۆربەی ووڵاتان هەوڵێکی زۆر دەدەن و پارەو سەرمایەکی زۆر بەکار دەخەن بۆ ئەم مەبەستە، و زۆر توێژینەوە دەکرێ لەسەر بنەمای پەروەردەیی ئامانجدار کە هەوڵدەدات بیرۆکەی فێرخوازان ڕێکبخات و سوود لە تواناو ووزەو داهێنانەکانیان وەرگرن و بەکاریان بهێنن.

زۆرینەی شارەزایان پێیان وایە گوێنەدان بە وزەی مرۆیی و ئاراستە نەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ گوێنەدان بە یاسا بنچینەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کە هەموو جیاکارییەکانی مرۆڤ و باشترکردنی ئەنجامدانەکانی بنیاتنراوە لە چوارچێوەی کاریگەری بڕیاردان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە ( إيمان، 2016 : 4)

هەڵبژاردنی ڕێگای وانە وتنەوەی کارا تەنها کار لەسەر دەستکەوتی خوێندنیان ناکات بەڵکو لەوە زیاتر تێپەڕ دەکات کە ئەم ڕێگایانە ببنە بەشێك لە (پرۆگرامی ئامادەکردن و پاڵپشتی) لای فێرخوازان لەکاتی ئەنجامدانی پیشەی فێرکاری لە داهاتوودا.

بابەتی ڕێگاکانی وانە وتنەوە لە گۆڕەپانی زانینە لە کۆلێژ و بەشەکانی کۆلێژ کە تەنها ڕۆڵی خۆی چڕ ناکاتەوە لەسەر لایەنی زانین و جوولە بەتەنها بەڵکو کاردەکاتە سەر گەشەسەندنی کارامەیی هزری و کۆمەڵایەتی وەك بیرکردنەوەو داهێنان و بەشداریکردن و ڕێکخستن و بەرپرسیاریەتی هەڵگرتن و متمانە بەخود، چونکە نهێنی ئەو پیشەیەی کە لە داهاتوودا ئەنجامی دەدات وەك مامۆستایەك ئەوا پشت دەبەستێ بەتوانا و وزە و شارەزایی کە لەم بابەتەدا دەستی دەکەوێت.

بۆیە زۆر لە پەروەردەکاران جەخت لەسەر مەشق کردنی دەستەی وانەوتنەوە دەکەنەوە لەسەر تەکنیك و ڕێگای نوی و جێبەجێکردنیان کە هانی بیرکردنەوە دەدەن لای فێرخوازان بۆ بەشداریکردن بەتەواوی توانای خودیان، و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەلایاندا هەروەك ئەم ڕێگایانە بەکاردێن وەك ڕێگای بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەکان لە هەڵوێستی فێرکاری جۆراوجۆر و بواری جیاجیا، کە بوونەتە هۆی دۆزینەوەی نوێ و چارەسەری داهێنانکاری لەوانەش ڕێگای گەردە لوولی مێشکە. کەوا پەروەردەکاران بە یەکێك لە ڕێگا یارمەتیدەرەکان بۆ تاك ئەژماری دەکەن بۆ ڕاهێنانیان لەسەر چارەسەری کێشەکان بە داهێنانەوە، و دەڵێن بیرکردنەوەی بە کۆمەڵ بەرزترو بەتوانا ترە لە بیرکردنەوەی تاکانە کەوا بەشێوەی بەکۆمەڵ دەتوانرێ چارەسەر بدۆزرێتەوە بە چەند کاتژمێرێك لە بەرامبەردا لەوانەیە چەند مانگێك بخایەنێ ئەگەر بەشێوەی بیرکردنەوەی تاکانە پەیرەو بکرێ.

لەم روانگەیەوە پێویستە ژینگەیەکی وا دروست بکرێ کە فێرخوازان خۆیان بتوانن بونیادی زانەکی بکەن لەسەر ژینگەی فێرکاری کارا کە ئامانجی یارمەتیدانی فێرخوازانە بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە و بڕیاردانی گونجاو بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی دروست.

## 1. 3. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی:

1/ کاریگەری بەکارهێنانی ئیستراتیجی گەردەلوولی مێشك لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەم.

2/ کاریگەری بەکارهێنانی ئیستراتیجی گەردەلوولی مێشك لەسەر توانای بڕیاردان لە بابەتی کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەم.

## 1. 4. گریمانەکانی توێژینەوەکە:

بۆ دڵنیابوون لە بەدیهێنانی هەردوو ئامانجی توێژینەوەکە دوو گریمانەی سفری سەرەکی دانران :

### 1. 4. 1. گریمانەی سەرەکی یەکەم:

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزموونی کە بەڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێ دەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە دەستکەوتی خوێندنیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی .

### 1. 4. 2. گریمانەی سەرەکی دووەم:

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزموونی کە بەڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێ دەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە توانای بریاردانیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی.

## 1. 5. سنووری توێژینەوەکە:

ـ **سنووری مرۆیی:** خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە خوێندنگای (ڕۆژهەڵاتی بنەرەتی تێکەڵاو سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە.

**سنوری کات:** وەرزی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی 2022_2021

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.6. دیاری کردنی زاراوەکان:

### 1.6.1. گەردەلوولی مێشک:-

1. بلقيس و مرعي پێناسەیان کردووە (( چارەسەرن بۆ کێشەیەکی دیاریکراو بەبێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەو چارەسەرە یان بریاردان لەسەری لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری دیاریکراو)). ( بلقيس و مرعي ، ١٩٨٢ : ٣٧٣ )
2. (ستيفن، ١٩٩٠) پێناسەی کردووە کە (جۆرێکە ل بیرکردنەوەی بە کۆمەڵ بە ئامانجی بیرکردنەوەی جۆراوجۆرو لە دواییدا داوای بیرکردنەوەی جۆراوجۆر دەکرێ بە تایبەت کاتێ خوێندکار لە لای ئەستەم بێ چارەسەری کێشەکە بکات) بە تەنها. (ستيفن، ١٩٩٠ : 19)
3. (صالح، ٢٠٠٤) ناساندویەتی: ((ڕێگایەکە بۆ وروژاندنی بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەیەک لە کێشەکان کە دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی ڕەفتارێکی دیاریکراو لە ڕێگای زانینی هەموو بیرۆکەکان کە بەردەست خراون کەوا نەناسراوبوون و دواتر کۆدەکرێتەوە و بریاری لێوە دەدرێ))، (صالح، ٢٠٠٤ : ١٣).
4. _ محمد (2004): ((دروستکردن و بەرهەمهێنانی بیرۆکە و بۆچوونی داهێنەرانەیە لە تاك و کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو پێویستە ئەم بۆچوون و بیرۆکانە نوێ و سوودمەند بن، واتە دانانی هزرە لە دۆخی ئامادە و ورووژاندن بۆ بیرکردنەوە بە هەموو ئاراستەیەك بۆ دەستکەوتنی زۆرترین بیرۆکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەجۆرێك کە تاك بۆی بڕەخسێ هەموو بیرو بۆچوونەکانی خۆی بڵێ لە کەشێکی ئارام و سەربەستدا))، (محمد، 2004 : 1).

### پێناسەی ڕێککاری بۆ گەردەلوولی مێشك:-

ستراتیژیەتێکی نوێیە هاندەرە بۆ بیرکردنەوە لە کەشێکی سەربەست و ئارامدا و ئەو ستراتیژیەتە هەڵدەستێ بە خستنەڕووی هەڵوێستەکە بەشێوەیەکی وروژێنەر بۆ بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارە لە چارەسەری بیرکردنەوەی نوێ، لەگەڵ بڕیاردان لەسەریان تا کاتی تەواو بوونی بیرۆکەکانی پابەند بە وانەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1. 6 .2. دەستکەوتی خوێندن:-**

1. (علام، ٢٠٠٦ : ١٢٣)پێناسەی کردووە: ((ئاستی سەرکەوتنی خوێندکاریە لەبواری خوێندنی ساڵێك یان وەرزێك کەخۆی دەبینێتەوە لەوەرگرتنی زانیاری و توانای بەکارهێنانیان لە هەڵوێستی هەنوکەی یان داهاتووی کە دەرەنجامی کۆتاییە بۆخوێندکار)).

2. ( گوود – Good ، 1973) بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (( بەدەستهێنانە، یان توانستێکە، بۆ ئەنجامدانی کارامەییەك، یان زانینێکی دیاریکراو)) ( Good, 1973, 71).

3. (صالح، 2004) بەم جۆرە پێناسەی دەکات: (( ئەو کارامەییەیە، یان ئەو زانیارییە بەدەستهاتووانەیە، لە یەکێك لە بابەتەکانی خوێندن، بەنمرە دیاری دەکرێت، لە ڕێگای ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە لایەن مامۆستاوە دیاری دەکرێت)) ( صالح، 2004، 421)

توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی ڕێککاری دەکات: بریتیە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە فێرکارییە لای خوێندکارانی پۆلی نۆی (9) بنەڕەتی، کە دەپێورێ بەنمرەی کۆتایی کە بەدەستی دەهێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە توێژەر ئامادەیکردووە لەبابەتی کۆمەڵایەتی.

**1. 6 .3. توانای بڕیاردان:**

1. سینج(Sing ,2000 : p1) دەڵێ: ((بڕیاردان بریتییە لەو پڕۆسەیەی کە بژاردەی تیادا هەڵدەبژێردرێ لە نێوان چەند بژاردەیەک لە هەڵوێستێکی دیاریکراو)).

2. الخرابشـــە (٢٠٠٢) دەڵێ بڕیار بریتییە لەو ڕێگایە یان ئەو هۆکارەی لە نێوان ڕێگاکانە یان بۆ گەیشتنە بە ئامانجی ئارەزوو پێکراو، یان بریتییە لە هەڵبژاردنی لە نێوان بژاردە فەراهەم بووەکان. مەبەستی بەدیهێنانی ئامانج یان چەند ئامانجێک و هەروەها بڕیار دەناسرێ بە پرۆسەی هەڵبژاردنی هۆشیار و لێکۆڵدراو بۆ بژاردەکان لەنێو چەند بژاردەیەکی بەردەست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو.

3. عبـود(٢٠٠٢) پێناسەی زانا (روحوز) دەخاتەڕوو بۆ پڕۆسەی بڕیاردان بەوەی کە پرۆسەیەکی هزریە کە بڕیاردەر لە ڕێگایەوە دەتوانێ بە تەنها پشکنینێکی سەرەتایی شتەکان بناسێ کە قبووڵیان بکات یان ڕەتیان بکاتەوە.

توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی ڕێککاری بڕیاردان دەکات: بریتیە لە ئاستی زانینی بڕیاردان لەنێوان حوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، کە پێوانە دەکرێت، لە ڕێگای ئەو نمرانەی کە خوێندکاران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستییان دەکەوێت، لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری بڕیاردان، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە.

### 1. 4.6. ستراتیژیەت:

هەریەك لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:-

1. ماهر (1991) ئامانجی فێرکاری و بزواندنە کە مامۆستا پێ هەڵدەستێت و رێکی دەخات بۆ ئەوەی لەکاتی وانەوتنەوەدا پەیرەویان بکات (ماهر، 1991 : 28).
2. الفتلاوی(2003) (کۆمەڵە ئەنجامێکە کە مامۆستا پێشتر پلانی بۆ دادەنێ بۆ بەدیهێنانی لەکاتی وانەوتنەوە لەژێر رۆشنایی توانا فەراهەمەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی وانەوتنەوە کەوا رەهەندی جیاوازی لەخۆ گرتووە لە ئامانج و رێگای پێشکەشکردنی زانیاری و نمونەو رێگای هەڵسەنگاندن و جۆری پرسیاری بەکارهاتوو). (الفتلاوی، 2003 : 85).
3. ابوجادو 2007 / بریتییە لە کۆمەڵێك ئەنجامدانی فێرکاری ـ فێرکاری ـ رێکخراو و بە دوای یەکدا هاتوو کەوا هەریەك لە مامۆستا و فێرخواز رەچاوی دەکەن بۆ بەدیهێنانی فێرکردنی کارا، هەروەها بریتییە لە کۆمەڵێ دانایی و هەنگاو کەوا چەندین چالاکی و تەکنیکی لە خۆ گرتووە کە یارمەتی تاك دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی (ابوجادو، 2007 : 75).

پێناسەی رێککاری بۆ ئیستراتیجیەت: بریتییە لە کۆمەڵە پلانێکی رێکخراو بۆ ئەنجامدان، کە مامۆستا پلانی بۆ دادەنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی خوێندن.

## 2. چوارچێوەی تیۆری

### 2. 1. 1. مێژووی گەردەلوولی مێشک:

مێژووی ئەم رێگایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٣) لەسەر دەستی زانا الیکس جێکاری) و ئەم پەرتووکە بۆ ئەوە هاتووە کە پێداویستی ئەم ستراتیژیەتە لە یاساو پێداویستی و میوانداری دانیشتنەکانی روون بکاتەوە و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوە بەشێوەی پلە بە پلەیی تاکو بو بە گەورەترین و بەناوبانگترین رێگای بە کۆمەڵ، و بووە جێگای بایەخدانی کارگێڕی و بەرێوەبەرەکان بەشێوەیەکی بەرچاو، و ئاماژە دەکرێ کەوا ئەم ستراتیژیەتە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەمریکاو یابان و زۆر وڵاتی پێشکەوتوو پێشکەش دەکرێ.

### 2. 1. 2. ئامانجەکانی گەردەلوولی مێشک:-

١ـ فەراهەم کردنی ژینگەیەکی ئازادکراوە بۆ بەشداربووان کە هانیان دەدات بۆبەشداری کردن.

٢ـ گواستنەوەی مێشک و هۆش لە دیاریکراوی و باوی لەبیرکردنەوە بەرەو داهێنان و پێشکەوتن. (شنودة، 1980 : 113)

### 2. 1. 3. بوارەکانی گەردەلولی مێشک:-

دەکرێ ئەم سترایژیەتە لە زۆر بواردا بەکاربهێنرێ لەوانەش وانەوتنەوە و زنجیرەی گفتوگۆ و چالاکی فێرکاری کە زۆر بە سوودە بەتایبەتی لە بواری وانە ووتنەوە و زنجیرەی گفتوگۆ و چالاکی فێرکاری کە زۆر بەسوودە بە تایبەتی لە بواری وانەوتنەوە، کە داواکارە بە گریمانە و چارەسەری تاکانە بۆ چارەسەری کێشەیەک، هەروەک ئەم ستراتیژیەتە بەکاردێ لە دامەزراوەی ئابوری و بازرگانی بۆ پێشخستن سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و زیادکردنیان. هەروەها لەبواری سیاسی بەکاردێ لەکاتی بڕیاردانی سیاسی جۆراوجۆر لەگەڵ کارگێڕی پلاندانان و بڕیاردانی جۆراوجۆر بەکاردێ ( کامل، 2007 : 116).

### 2. 1. 4. گرنگی خوێندن بە کارامەیی گەردەلوولی مێشك :-

١ـ ئەم شێوازە بوار دەبەخشێ بە کۆشی بە کۆمەڵ.

2ـ گەشە بە کارامەیی لای خوێندکاران دەکات.

3ـ گەشە بە کارامەیی سەرکردەیی دەکات لای خوێندکاران

4ـ گەشە بە پێدانی بۆچونی خوێندکاران دەکات بەشداریان پێ دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ( قطامي، 2010 : 74)

### 2. 1. 5. هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە:-

١ـ ڕوونی کێشەکە کە دەمانەوێ چارەسەری بکەین بۆ بەشداربوان .

٢ـ ڕوونکردنەوەی بنەماو یاسای کارکردن و پابەندبوون پێیانەوە لە لایەن هەموانەوە بەشێوەیەک کە هەر بەشداربوویەک ڕۆڵی خۆی هەبێ لەخستنەڕووی بیرۆکە و بەبێ هیچ بریندار کردن و توانجێک. ( موسى، 2010 : 78)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2. 1. 6. لایەنە ئەرێنیەکانی گەردەلوولی مێشک:-

ـ ئاسانی جێبەجێکردن و سانایی ڕێژەیی.

ـ ئابووریانەیە چونکە تەنها شوێنێک و تەختە سپیەک و قەڵەمی پێویستە.

ـ دانیشتنەکانی کاتی زۆر ناخایەنێ.

ـ گەشە بە متمانە بەخود دەکات لای فێرخواز کەوا مەشق دەکات لەسەر دەربڕینی بۆچوونەکانی بە ئازادانە. ( موسی، 1998 : 112)

### 2. 1. 7. گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لەم ڕێگایە گیراون:-

ـ زیاتر بۆ کاری بەکۆمەڵ گونجاوە نەوەک کاری تاکانە.

ـ هەموو جۆرە کێشەیەک چارەسەر ناکات وەک بابەتی ئاین و یاسای بیرکاری.

ـ پێویستە مامۆستا شارەزاو هۆشدار بێ بە ئەرکەکەی خۆی و مەشقی کردبێ بە باشی.

ـ ئاراستە خێرایی بۆ دانانی چارەسەرەکان کە زور جار کاریگەری هەیە لەسەر جۆری ئەم چارەسەریانە.

### 2. 1. 8. تەکنیکە نوێیەکانی گەردەلولی مێشک:-

ڕێگایەکی داهێنەرانەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە دانیشتنەکانی گەردەلوولی مێشک بە ئامانجی نوێ کاری و دروستکردنی کۆمەڵە وورووژێنەرێک بۆ مسۆگەرکردنی بیرۆکەی ئەرێنی و جۆراوجۆر بۆ زاڵبوون بەسەر لایەنە نەرێنیەکانی گەردەلوولی مێشک کە پێشتر هەبوون و لەگەڵ مسۆگەرکردنی نەگەیشتن بە ووشک بوونەوەی هزری. ( هاموند وأخرون، 2000 : 137 )

### 2. 1. 9. قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشك:-

دەتوانین ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشك جێبەجێ بکرێ لە فێربووندا بە ڕەچاوکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:-

1. ئامادەکردنی دانیشتنی گەردەلوولی مێشك (داباریني مێشك): مامۆستا لەم هەنگاوەدا چەند شتێك كارێك ئەنجام دەدات لەوانە:-

دابەشکردنی خوێندکاران بۆ زیاتر لە کۆمەڵێك (4-6) کۆمەڵە، خستنەرووی بیرۆکەی سەرەکی بۆ ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ، و داڕشتنی کێشەکە لەسەر شێوەی پرسیار، خستنەرووی چەند

زانیاریەك كە پابەندە بە بابەتەكەوە، و ئەو یاسایانە بۆ خوێندكاران روون دەكاتەوە كە پێویستە ڕەچاوی بكەن لەكاتی گفتوگۆكە.

2. دانیشتن بۆ هەڵسەنگاندن:- ئامانج لەمە هەڵسەنگاندنی بیرۆكەكانەو دیاریكردنی ئەوەیە كە پێویستە وەربگیرێ و سوودی هەبێ بەشێوەیەكی زانستیانە، كەوا مامۆستا داوا لە خوێندكاران دەكات بیرۆكەكان پۆلین بكەن بۆ بیرۆكەی باش و شیاوی جێبەجێ كردن بن، و بیرۆكەی بەسوود بەلام شیاوی جێبەجێ كردن نەبن، و ڕەت كردنەوەی بیرۆكەی زانستی و ئەوانەی شیاوی جێبەجێ كردن نین، و پرۆسەی هەڵسەنگاندن پێویستی بە كارامەیی كورت كردنەوە هەیە كە بە دەیان بیرۆكە دەست پێدەكات و كۆتایی دێ بە ژمارەیەكی كەم لە بیرۆكەی باش (ابو سینه، 2008 : 145)

**2. 1. 10. لایەنە نەرێنیەكانی گەردەلوولی مێشك:-**

هەرچەندە ئەم ستراتیژیەتە لایەنی باشی زۆرە بەڵام هەندی لایەنی خراپی هەیە كە رێگرە لە جێبەجێكردنی لە زۆر كاتدا و لەو لایەنە خراپانە:-

1. كاتی زۆری پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەكانی.
2. ئەم ستراتیژیەتە لەگەڵ ژمارەی زۆری خوێندكاراندا ناگونجێ.
3. لەوانەیە بیرۆكەكان زۆر بنكە وادەكات خوێندكاران دووركەونەوە لە ئامانجی سەرەكی و دانیشتنەكە ئامانجی خۆی نەپێكێ.

**2. 1. 11. بەربەستەكانی ئەم ڕێگایە:-**

دانانی هزر لە دۆخێكی وروژاو ئامادە باش بۆ بیركردنەوە لە هەموو ئاراستەكان بۆ دروستكردنی زۆرترین بیرۆكە دەربارەی كێشەیەک، یان بابەتێک كە پێویستی بە داماڵینی هەموو ڕێگریەكان و تایبەتمەندی كەسێتی هەیە لەبەردەم بیركردنەوەی بۆ ئەوەی هەموو خەیاڵەكانی بخاتە ڕوو، لەوانەیە هەریەک لە ئێمە لە توانایدا هەبێ بڕێكی باش لە بیركردنەوەی داهێنانكاری بخاتە ڕوو زیاتر لەوەی كە پێشبینی دەكەین، بەڵام لەوانەیە بەبێ هاندان ئەم توانایانە لەناو بچن، چونكە چەند ڕێگریەک هەیە، كە ڕێگە نادات بچنە بواری بەكارهێنانیان، كەوا توانا داهێنانكاریەكان دەبەستێتەوە:- لەوانەش:- ( النصر وأخرون، 1991 : 203):

١ـ بەربەستی درككردن:- كە بەرهەم دێ لە ڕێگای بینی كەسەكە لەیەک گۆشە نیگاوە بۆ بابەت و شتەكان.

٢ـ بەربەستی دەروونی:- وەک ترس لە شکست یان لە پەنجەو ڕێزکردنی خەڵکی بۆ بیرۆکەکانی و بیرۆکەکانی بە شتێکی بێ بەها لێک بداتەوە.
3ـ هەندێ بەربەستی خود دانەر: واتە کەسەکە خۆی دایدەنێ جا بە هۆشیارانەبێ یان بەبێ هۆش هەندێ کۆت و بەربەست دادەنێ بۆخۆی، کەوا لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەکان بۆی دانەنراوە.
4ـ خێرایی و هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان و بڕیاردان لەسەریان:- کە یەکێکە لە بەربەستە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتیەکان لە پرۆسەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ( هادنة، 2013 : 51).
لەم ڕوانگەوە دەکرێ بڵێین گەردەلوولی مێشک هەڵوێستێکی فێرکاریە بەکاردێ بۆ دروستکردنی زۆرترین ژمارە لە بیرۆکە لە لایەن بەشداربووان بۆ کێشەیەکی کراوە لە کاتێکی دیاریکراو لە کەشێکی ئازاد و ئارام بە دوور لە هەموو ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێک.
لەکاتی وانەوتنەوە بەم ڕێگایە بەپێی بنەماو قۆناغەکانی پێشوو گەردەلولی مێشک چەسپ و جێگیر دەبێ لەسەرکەوتن لەزۆر لەو هەڵوێستانەی کە پێویستان بە چارەسەری داهێنەرانە هەیە، چونکە بە دەرپەڕاندنی بیرۆکەی تاکەکان بەبێ کۆت و بەند ناسراوە، چونکە ڕەخنە گرتن لە بیرۆکەکان بە تایبەتی لە سەرەتای دانیشتنەکە دەبێتە هۆی ترسی کەسی و گرنگی دان بە چۆنیەتی زیاتر لە چەندایەتی و بیرکردنەوەی کز و خاو دەبێتەوە. هەر ئەوەشە کە پرۆسەی گەردەلوولی مێشک ڕوونی دەکاتەوە بۆ گەشەسەندنی بیکردنەوەی داهێنەرانەو چارەسەری کێشەکان.

## 2.2. بڕیاردان

### 2.2. 1. گرنگی بڕیاردان:-

بڕیار بە ڕەفتارێکی یاسایی یان سیستماتیکی و هۆکارێک لە هۆکارەکانی کارگێڕی دادەنرێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، بڕیاری کارگێڕی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بواری پرۆسەی کارگێڕی، چونکە بڕیار هێزی مرۆیی و هۆکاری ماددی مسۆگەر دەکات کە هەردووکیان پێویستن بۆ پرۆسەی کارگێڕی، هەروەها بڕیارەکە ئاڕاستەکان و سیاسەتەکان دەورووژێنێ و هەڵیان دەسەنگێنێ بۆ بابەتی هەستپێکراو هەروەها هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە و ئەو لاریە ناهێڵێ لەم پرۆسەیەدا، هەروەها پابەندبوونەکان ڕوون دەکاتەوە و مافەکان دەدۆزێتەوە و لە بەر گرنگیەکەی کراوەتە ئاستە بەرزەکانی قوچەکی (هەرەم)ی کارگێڕی، چونکە پرۆسەی بڕیاردان یان دروستکردنی بڕیار لە ئەرکە بنەڕەتیەکانە بۆ ئاستە بەرزەکانی کارگێڕی، هەروەک ئەم پرۆسەیە سرووشتێکی ڕێکخستنی هەیە بۆ پێکهاتنی بڕیار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەند بەناوی کەسێکی بەرپرس دەردەچێ بەڵام دەرەنجامی ئەرک و کۆششی کۆمەڵەیەک کەسە.(مشرقي، ٢٠٠٢ : 96)

## 2.2.2. تایبەتمەندی بڕیاردان:-

پرۆسەی بڕیاردان یەکێکە لە گرنگترین پرۆسە کارگێڕیەکان و بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە کارا بێت پێویستە چەند خاسیەتێکی هەبێت کە جیای بکاتەوە لە پرۆسە کارگێڕیەکانی تر و لەو تایبەتمەندیانە:- ( مالك، 2005 : 46)

**پرۆسەیەکی هەڵبژاردنە:-** واتا پرۆسەی بڕیاردان دەوەستێنێتەسەر هەڵبژاردن لە نێوان چەند بژاردەیەکی بەردەست بۆ بڕیاردەر بۆ ئەوەی بگاتە بژاردەی گونجاو لەنێوانیاندا.

**پرۆسەی مرۆیی یە:-** بە واتای ئەوەی بڕیاردان پەیوەندیدارە بە لایەنی مرۆیی یەوە سەبارەت بە بڕیاردەر یان کاریگەر بووەکان بە بڕیارەکە. ( ناصر، 1994 : 32)

**پروسەیەکی عەقڵی یە(ژیریە):-** بڕایاردان بریتیە لە بیرکردنەوەیەکی ژیری (عەقڵی) کە پێویستی بە کات و تێڕامانی زۆرە.

**پرۆسەیەکی ئاڵۆزە:-** واتا پروسەیەکی ئاڵۆزە بە پێودانگی هەڵبژاردن و ژینگەی دورووبەر بە بڕیارو پێداویستیەکانی و پەیوەندی بە خەڵکەوە کە ئەوان تەوەری بڕیارن لە بڕیاردان و جێبەجێکردن و کاریگەر بوون. ( الزهراني، 2008 : 84)

**پرۆسەیەکی ئامانجدارە:-** بڕیاردان هۆکارێکە بۆ بە دیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو تایبەت بە کێشەیەک یان هەڵوێستێکی دیاریکراو، هەروەها بڕیاردان خاسیەتێکی پێویستە بۆ بەڕێوەبەرەکان، کە ئامانجی دیاریکراوی هەیە کە بەڕێوەبەرەکان دەیانەوێت بە دەستی بهێنن. ( شريف، 1993 : 49)

## 2.2.3. تیۆرەکانی بریادان: نظريات اتخاذ القرار

تیۆرەکان زۆرن دەربارەی چۆنیەتی بریاردان و زۆر لێکدانەوە کراوە بۆ شیکردنەوەیان بۆ زۆر ئاراستە دروست بووە وە هەندێ لەم تیۆرانە باس دەکەن:

### 2.2.3.1. نظريه العقلانيه المحدوده:- (تیۆری عەقڵانی دیاریکراو)

ئەم تیۆرە جەختی لە دیاریکراوی و سورداری تواناکانی تاک دەکاتەوە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، لە دانانی بژاردەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشتیوانانی ئەم تیۆرە دەڵێن پێویستە کەسی بریاردەر زانیاری تەواو کۆبکاتەوە دەبارەی ئەو کێشەیەی ۆە دووچاریان دەبێتەوە، لەبەرەوەی ئەم بژاردانە ئەگەری چارەسەری کێشەکەن ناکرێ هەمووی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ بەشێوەیەکی پەسەند، بۆیە لەسەر کەسی بریاردەر پێویستە هەندێ لە بژاردە دیاری بکات و هەڵسەنگاندیان بۆ بکات و ئەم بژاردەیە پەسەند بکات کە زیاتر لە بژاردەکانی تر بۆ کێشەکە گونجاوەو ئامانج پێداویستەکان بەدی دێنێت.
لەبەرەوەی هەڵبژاردنی بژاردەی باش پشت بە ئەزموونی تاک دەبەستێت لەگەڵ بڕیاری تاکە کەس، و دیاریکراوی توانای عەقڵی بۆ لەخۆگرتنی هەموو جۆرە بەهاو زانیاری و ڕەفتارێک و (هربرت سايمون) (Herbert simon) بە دیارترین پشتیوانانی ئەم تیۆرە دادەنرێت ڕەخنەی لە بیرۆکەی بریاردانی عەقلی نموونەی گرت.
جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کەوا بەکارهێنانی عەقڵانی تەواو لە بریارداندا کارێکی مەحاڵە، بەهۆی دیاریکراوی تواناکانی مرۆڤ و ئەو فشارانەی دووچاری دەبێتەوە بە هۆی ژینگەی دەوروبەرەوە و لەسەر ئەو کەسەی کە بریار دەدات پێویستە هەڵبدات بگاتە چارەسەری رازیکەر نەک نموونەیی نە بگونجێت لەگەڵ پێداویستی کەسی و فشارەکانی ژینگەو ڕادەیەک لە پەسەندیەتی و ڕازی بوون بهێنێتە دی.(العديلى، ١٩٩٥ : 51)

## 2. 2. 3. 2. النظريه العقلانية ـ تیۆری عەقڵانی:-

ماکس ویبر (Max weber) و (هنری و فايول) (Henri fayol) بەبەناوبانگترین پشتیوانانی ئەم تیۆرە دادەنرێن و ئەم تیۆرە یان لەوەوە وەرگرتووە کەوا کەسی بریاردەر هەوڵدەدات بگات بە چارەسەری نموونەیی کەوا گەورەترین سوودی بۆ بهێنێتە کایەوە بەو پێیەی کەوا خاوەن توانای عەقڵی گەورەیە (عطية، ١٩٨٤ : 60) و پێویستە لەسەر کەسی بریادەر بەپێی هەنگاوە دوای یەکەکان هەنگاو بنێن، کە بەناسینی کێشەکە دەست پێ دەکات و دیاری کردنی بژرادەکان دواتر زانینی هەموو دەرەنجامە پێشبینی کراوەکان بۆ هەر بژاردەیە، و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان بۆ گەیشتن بە باشترین بژاردە، کەوا گەورەترین سودی دەبێ بۆ کێشەکەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی (شريف، ١٩٩٣ : 56)
و پشتیوانانی ئەم تیۆرە دەڵێن کەسی بریاردەر کار دەکات لە نێو سیستمێکی داخراو دوور لەهەر کاریگەیەک کە ئەمەش پێی دەگوترێ بریاری عەقڵانی (المنصور، ٢٠٠٠ : 89)

ئەم تیۆرە گرنگی فشارەکانی ژینگەی دەوروبەری بەلاوە ناوە، هەروەها سنورداری عەقڵی مرۆڤی بەهەند وەرنەگرتووە، هەروەک گرنگی هۆکارە دەروونی و ڕەوشتی و ڕوانگەی کەسیەتی بەهەند وەرنەگرتووە لەکاتی بڕیاردانDن.(الساعد و علي، ٢٠٠١ : 63)

## 2. 2. 3. 3. تیۆری دەروونی بۆ بڕیاردان:-

هەریەک لە هاریسون و برامسون( Harrison&Bramson,1982) بە گرنگترین و بەناوبانگترین پشتیوانانی ئەم تیۆرە دادەنرێن کەوا لە شێوازەکانی بڕیاردانی پەسەندکراو لای تاک دەکۆڵێتەوە لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندیانەی لە نێوانیاندایە لەگەڵ ڕەفتاری ڕاستەقینە، هەروەها چۆنیەتی گەشەکردن و جیاوازی نێوان تاکەکان ڕوون دەکاتەوە لە جۆری بیرکردنەوەیان کە پابەندە بە بڕیاردان هەروەها ئەم تیۆرە ڕاستی شێوازەکان ڕوون دەکاتەوە کە ئایا جێگیرە یان دەکرێ بگۆڕدرێ، هەروەها پشتیوانانی ئەم تیۆرە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کەوا منداڵ زۆر ستراتیژیەت وەردەگرێ کە دەکرێ خەزن بکرێ و ئەم ستراتیژیەتانە گەشە دەکات و پێشدەکەوێت لەکاتی قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتن، بۆ ئەوەی نمونەی بنەڕەتی لە ژیانی کردارەکی بنوێنێ کە دەبێتە هۆی پەسەند کردنی هەندێ ستراتیژیەت.
و بەپێی ئەم ستراتیژیەتە ئەوا شێوازی بڕیاردان دەکرێ پۆلێن بکرێت بۆ پێنج شێواز کە ئەوانەن:-
(شێوازی لێکدراو، نمونەیی، کرداری، شیکاری، شێوازی ڕاستەقینەیی) و هەریەک لە هاریسون و برامیسون دەڵێن شێوازی لێکدراوی و نموونەیی ئاراستەیەکی بەهێزیان هەیە بەرەو بەهادان و بیرکردنەوەی نموونەیی خودی، لەوکاتەی کەوا شێوازی شیکاری و ڕاستەقینەیی ئاراستەیەکی روونیان هەیە بەرەو ڕاستیەکان و بیرکردنەوەی وەزیفی و شێوەیی، بەڵام شێوازی کرداری، ئەوا هەڵدەستی بە ڕۆڵی بەستەری هەردوولا، و هەندێ جار هەردوولا بەلاوە دەنێ کاتێ هەڵوێستەکە وا بخوازێ لەکاتی بڕیاداندا.

## 2. 2. 4. ئەو بەربەست و ئاڵۆزیانەی کە دووچاری بڕیاردەر دەبنەوە:-

دەکرێ ئەم بەربەست و ئاڵۆزیانە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە هەروەک توێژەر ئاماژەی پێکردوو هەریەک لە (القباضي، ١٩٩٢ : 38) و (الخضري، ٢٠١٧ : 23) (السفياني، ٢٠١٢ : ٢٥) و (ابوجادو نوفل ٢٠٠٧ : ٣٨٣ـ ٣٨٤) ئاماژەیان پێکردووە:-

١ـ نەبوونی توانای بڕیاردەر بۆ دیاریکردنی کێشەکە بە ووردی، یان شکست هێنانی لە جیاکردنەوەی نێوان کێشە ڕاستی و کێشە لاوەکیەکان.

٢ـ نەبوونی توانای بڕیاردەر لەسەر پێشبینی کردنی دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان کە ڕوو بدەن دەرەنجامی بڕیاردانەکە.

٣ـ ناتوانایی تاک کە بڕیار دەدات بە هەڵسەنگاندنی نموونەیی بۆ بژاردە کراوەکان کە پێشخستنیان بۆ کراوە بۆ چارەسەری کێشەکان.

٤ـ کاریگەر بوونی کەسی بڕیاردەر بە تایبەتمەندی کەسایەتی وەک کارامەیی و داب و نەریتی دەرەکی و تاراِدەیەک لە هۆشیاری و وویستی خۆی.

٥ـ بەهای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی تاک ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بابەتی نەبوونی تاک لەکاتی بڕیارداندا.

٦ـ بڕیاردان کاریگەر دەبێت بە شارەزایی تاک و نەبوونی زانیاری پێویست بۆ بڕیاردان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.2. توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر بە خشتەیەك لایەنە گرنگەکانی توێژینەوە لەمەو پێشەکان دەخاتە ڕوو، ئاماژە بە خاڵە سەرەکیەکانی هەر توێژینەوەیەك دەدرێت، وەك لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (1): توێژینەوەکانی پێشوو**

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵی ئەنجامدانی | شوێن | ئامانجی توێژینەوەکە | ڕێبازی توێژینەوەکە | ئامرازی بەکارهاتوو | نمونەی توێژینەوەکە | کاتی خایانراو | هۆکاری ئاماری | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | کولاندو 1997 | کوێت | زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشك و ئاماژەی پێوەری و پەیوەندی دووانی لەسەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە بوو | ئەزمونی | (تاقیکردنەوەی تورانس) بۆ پێوانەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە | (100) خوێندکار کوڕو کچ کە دابەشکران بە پێی ڕەگەز بۆ (51) لەکچان و (49) لە کوڕان | 1997 | ئەلفا کرونباخ. ناوەندی ژمێرەیی. لادانی پێوەری، کای دووجای | زانیاری گەردەلوولی مێشك و ئاماژەی پێوەری زۆر کارا بوون لەچاو پەیوەندی دوانەیی لە زۆری زمان ڕەوانی و ڕەسەنی بەڵام نەرمی زیاد نەکرد، و هەروەها ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشك زۆرتر کارا (کاریگەری) هەبوو |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .2 | الرليمي (2005) | موصل | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی گەردەلوولی مێشك لە توانای بریاردان و دەستكەوتی خوێندن لەلای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی گشتی لەبابەتی زیندەوەرزانی | ئەزمونی | تاقیکردنەوەی تورانس بۆ پێوانە کردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بوو کە لە (50) برگە پێك هاتبوو | (34) خوێندکاری کور و کچ پێکهاتبوو | 2005 | تاقیکردنەوەی T.Test(تائی) | بوونی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە بۆ بیرکردنەوەی بریاردانو لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، بەڵام سەبارەت بە دەستکەوتی خوێندن ئەوا دەرەنجامەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی بوو کەوا بە رێگای گەردەلوولی مێشك بابەتی زیندەوەرزانیان خوێندبوو |
| .3 | صالح سویدان البلوشی 2005-2006 | عەمان | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشك لە وانەوتنەوەی جوگرافیا لەسەر توانای بریاردان دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی بنەرەتی | ئەزمونی | بریاردان و دەسکەتی خویندن | (28) خویندکاری کچ پێکهاتووە | 2005-2006 | ئەلفا کرونباخ. ناوەندی ژمێرەیی. لادانی پێوەری، کای دووجای t.test | ئەنجامەکان دەرکەوتن بە سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە دەستکەوتی خوێندن، و تاقیکردنەوەی دووری بۆ بریاردان لە سەربەستی و نەرمی و ڕەسەنی و توانای داهێنەرانەی گشتی. |
| .4 | الحیاوی (2009) | موصل | زانینی کارایی ستراتیژیەتی گەردەلوولی مێشکە لە گەشەسەندنی بیرکردنەوەی | ئەزمونی | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. | لە (88) خوێندکار نێرو مێ پێك هاتبوو بەشێوەیەك کەوا (48) | 2009 | ئامرازی (T.Test) ئەلفا کرونباخ. ناوەندی ژمێرەیی. | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی کەوا بابەتەکەی خوێند بوویان بەرێگای گەردەلوولی مێشك بوو |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | داهێنەرانەو پاڵنەری بەرەو کارکردنی تاقیگەیی لای خوێندکارانی پۆلی چوارەم – بەشی فیزیا | | پێوەری پاڵنەری بەرەو کاری تاقیگەیی | خوێندکار کورو کچ لە ۆمەڵەی ئەزموونی و (40) خوێندکار کورو کچ | | لادانی پێوەری، کای دووجای | بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گەشەسەندنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەو پاڵنەری بەراوکاری تاقیگەیی |
| 5. | ماهر مفلح الزيادات و زيد سليمان العدوان 2009-2010 | المفرق لە ئوردن | دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی گەردەلوولی مێشك وەك ڕێگایەکی وانەوتنەوە بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی لە گەشەسەندنی کارامەیی بڕیاردان لە بابەتی مێژوو. | ڕێبازی وەسفی شیکاری و ڕێبازی ئەزموونی | بڕیاردان | 158 خوێندکار کورو کچ | 2009-2010 | ئەلفا کرونباخ. ناوةندی ژمێرەیی. لادانی پێوەری، کای t.test دووجای. | هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە گەشەسەندنی بڕیاردان بەبێ ڕەگەز، لەگەڵ نەبوونی جیاوازی کە بگەڕێتەوە بۆ کارلێك لەنێوان ڕێگاو ڕەگەز. |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. ڕێکاریەکان و ڕێبازی توێژینەوەکە:

### 3. 1. دارشتنی ئەزمونی:

مەبەست لە دارشتنی ئەزموونی ئەوەیە کە پلانێکی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو (الطشانی، 1998 : 153)، یان بریتییە لە بەرنامەی کار بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەزموونەکە (عبد العزیز، 2006 : 103).

### 3. 2. دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەموو یەکە بەرچاوەکان دەگرێتەوە واتا هەموو ئەو تاك و کەلوپەلانەی کە کێشەی توێژینەوەن. (عبیدات، 1998 : 113)

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێك دێت لە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە سنووری قەزاری کۆیە کە ژمارەی سەرجەم خوێندکارەکان (2393) خوێندکاری کوڕو کچ.

### 3. 3. نمونەی توێژینەوەکە:

سامپڵی توێژینەوە بریتیە لە بەشێك لە کۆمەڵگای توێژینەوە (علی، 2008 : 46).

دوای دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە توێژەر خوێندنگای (ڕۆژهەڵاتی بنەرەتی تێکەڵاو)ی وەرگرت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، وەك لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (2): نمونەی توێژینەوەکە**

| گروپەکان | پۆل و هۆبە | ڕێگای وانەوتنەوە | کۆی خوێندکارەکان |
|---|---|---|---|
| گروپی ئەزموونی | نۆیەمی (أ) | گەردەلوولی مێشك | کوڕ (5)<br>کچ (5) |
| گروپی کۆنترۆڵکراو | نۆیەمی (ب) | ئاسایی | کوڕ (5)<br>کچ (6) |
| کۆی گشتی | | | (21) |

## 3.4. ئەنجامدانی هاوتا کردنی کۆمەڵگاکانی توێژینەوەکە:

هەرچەندە نمونەی توێژینەوەکە لە یەك خوێندنگا بوو خوێندکارەکانیش لە یەك شوێن بوون بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژاردن بەڵام توێژەر ویستی لەگەڵ ئەمانەشدا هەردوو گروپەکە هاوتا بکات لە چەند روویەکەوە بۆ ئەوەی کاریگەری سلبی نەبێت لەسەر توێژینەوەکە کارنەکاتە سەر ئەنجامی توێژینەوەکە.

### 3.5. هاوتا کردنی تەمەنی خوێندکاران:-

توێژەر زانیاری دەربارەی تەمەنی خوێندکارەکان لە خوێندنگاکە وەرگرت تەمەنی خوێندکاران تا بەرواری (10/9/2021) بە مانگ ئەژمار کرد.

ناوەندی ژمێرەیی هەردوو گروپەکەی دەرهێنا کە بریتی بوون لە (103.8) (102.6) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ دوو کۆمەڵی سەربەخۆ دەرکەوت کە بەهای تی ئەژمار کراوە (0.145) بەهای تی خشتەیی (2.21) کەمترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) نمرەی ئازاد (19) کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە خوێندکارەکان هاوتان لە تەمەن، وەك لە خشتەی ژمارە (3) روونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (3): هاوتا کردنی تەمەنی خوێندکارەکان**

| گروپەکان | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانگی | بەهای t-test | | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمێرکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 10 | 103.8 | 7.321 | 0.145 | 2.21 | بەڵگەدار نیە لەئاستی (0,05) |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 102.6 | 6.471 | | | |

**3. 6. ئامرازی توێژینەوەکە:** بۆ بەدەست هێنانی ئامانج و گریمانەکان توێژەر پێویستی بەم دوو ئامرازەی خوارەوە هەیە:-

### 3. 6. 1. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:-

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادە کرد لەو بابەتەی کە دەست نیشانی کردووە بۆ گروپەکان کە پێك هاتووە لە ( 5 ) پرسیاری سەرەکی، هاوپێچکراوە لە پاشکۆی ژمارە (1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3. 6. 1. 1. جێگیری تاقیکردنەوەکە:** جێگیری بریتیە لە رادەی سەقامیگیری یان هەماهەنگی لە نمرەی بەدەست هاتوو لە پێوەرەکە لەگەڵ کات (البطش وابو زينه، 2007، 134). یان بریتییە لە نەبوونی هەڵەی هەرەمەکی کە تاقیکردنەوەکە تێك بدات واتا و رویەتی و رێك و پێکی پێوەرکە کە لە پێوانە کردن دەگرێتەوە (على، 2011، 29).

جێگری پێوەرەکە دۆزرایەوە کە بەهاکەی (87) بوو کە ئەمەش بە جێگریەکی باش دادەنرێت.

**3. 6. 1. 2. ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:** ڕاستگۆیی بە یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکان دادەنرێت کە پێویستە گرنگی پێبدرێت لە کاتی بنیادنانی تاقیکردنەوەکە، چونکە ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیەی کە لە توانایدا هەبێت پێوانەی ئەو خاسیەتە بکات کە لە پێناویدا پێوەرەکە دانراوە، ئەوە بە ڕاستگۆیی دادەنرێت. ( الجلبی، 2005 : 84)

**1/ ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی:**-بریتیە لەو تاقیکردنەوەیەی کە ئاسان بێت لە بەکارهێنان و ڕاستگۆبێت لە ڕووی دەرەوەی وەك ژمارەی کاغەز و ژمارەی پرسیار و چاپکردنی، کەوادەکات خوێندکار متمانەی بە تاقیکردنەوەکە هەبێت. ( الفليح، 2009 : 193 )

هەر برگەیەك رێژەی (85%) زیاتر بەدەست هێناوەو لەسەر ئەم بنەمایە ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی دەرهێنرا.

**2/ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:** بەگرینگترین جۆری ڕاستگۆیی دادەنرێت لە چاو جۆرەکانی تری ڕاستگۆیی کە پشت بە بەهادانانەکانی پسپۆڕ و شارەزایان دەبەستێت. (عوده، 1998 : 370 – 372)

بۆ بەدەست هێنانی ڕاستگۆیی ناوەرۆك تاقیکردنەوەکە خرایە بەردەم کۆمەڵێك شارەزا لەبواری پەروەردەو دەرونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە.

### 3. 6. 2. پێوەری بڕیاردان

توانای بڕیاردان یەکێکە لە گۆراوە پشت بەستەکانی ئەم توێژینەوەیە کە پێویستە بۆ پێوانە کردنی توانای بڕیاردان لای خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی. توێژەر پێوەرێکی توانای بڕیاردانی دروست کرد کە لە (26) برگە پێکهاتووە، هاوپێچکراوە لە پاشکۆی ژمارە (2).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3. 6. 2. 1. راستگۆیی پێوەرەکە:

بەمەبەستی دۆزینەوەی راستگۆیی پێوەرەکە خرایە بەردەستی چەند شارەزاو پسپۆرێکی بواری پەروەردەو دەرونزانی دوای وەرگرتنەوەی پێوەرەکە لە شارەزایان و پسپۆران کە چەند برگەیەك لادرا 26 برگەیە رێژەی 87%ی بەدەست هێنا.

### 3. 6. 2. 2. جێگیری پێوەرەکە:

جێگیری دەستکەوتنی هەمان ئامانجە لەکاتی دووبارە بەکارهێنانەوەی پێوەرەکە لە هەمان بارودۆخ (الاغا، 1997، 120) دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نمونەکە رێژەی 85% بەدەست هێنا کە ئەمەش بە جێگیری باش دادەنرێت.

### 3. 6. 2. 3. دانانی بژاردە بەرامبەر هەر برگەیەك:

تویژەر بژاردەی (زۆر جێبەجێ دەبێ لەسەرم، ناوەند جێبەجێ دەبێ لەسەرم، کەم جێبەجێ دەبێ لەسەرم، جێبەجێ نابێ لەسەرم)ی بەکارهێنا لەگەڵ دانانی نرخ بۆ هەر بژاردەیەك کە پێکهاتبوو لە (4،3،2،1) بە رێژەبەندی بۆ هەر بژاردەیەك بەمەش بەرزترین نمرەکە خوێندکار بەدەست بهێنن لە پێوەرەکە کە بریتیە لە (104) نمرە کە کەمترین نمرەش بریتیە لە (26).

### 3. 7. کۆنترۆڵ کردنی گۆڕاو هاتووە، ناوەکان لە ئەزموونەکەدا (ناوەکی و دەرەکی).

### 3. 7. 1. سەلامەتی ناوەکی:-

سەرەڕای ئەو گۆڕاوانەی کە هاوتای تێدا کرا هەندێ گۆڕاوی تر هەیە کە کاریگەریان دەبێت لەسەر گۆڕاوی پشت بەست، لەبەر ئەوە پێویستە یەکسان بکرێت یان لاببرێت بۆ ئەوەی تەنها گۆڕاوە سەربەخۆکە کار بکاتە سەر گۆڕاوی پشت بەست، لەبەر ئەوە پێویستە گۆڕاوە هاتووە ناوەوەکان کۆنترۆڵ بکرێت (فان دا لین، 1986 : 380) بۆیە ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە کۆنترۆڵکرا، کە پەیوەندیان هەیە بە هەنگاوەکانی ئەزموونەکە، بە مەبەستی لابردنی یان یەکسان کردنی کە کاریگەرییان بەسەر گۆڕاوی پشت بەست یان ئەنجامدانی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**أ/ جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەکە:** توێژەر ئەم گۆڕاوەی کۆنترۆڵ کرد لە ڕێگای هاوتاکردنی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ، لەرووی تەمەن، توانا، بڕیاردان، زانیاری پێشوویان لە بابەتی کۆمەڵایەتی، ئاستی ئەکادیمی دایك و باوکیان، نمرەی زیرەکی، نمرەی ساڵی پێشوویان، لەرووی تەمەنەوەش.

**ب/ بارودۆخی ئەزموونی و ڕووداوی:** لەکاتی ئەنجامدانی تووشی هیچ جۆرە ڕووداوێکی نەخوازراو نەبووین بە درێژایی کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

**ج/ گەشەکردن:** پشت بەستن بە هەڵبژاردنی هەرەمەکی و هاوتاکردنی تەمەنی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ کاریگەری ئەم فاکتەرە بێ لایەن کرا کە هەر گەشەیەك ڕوویدات بۆ هەردوو گروپەکە ڕوویدات وەکوو یەك بەبێ جیاوازی.

**د/ ئامادە نەبوونی خوێندکاران یان گواستنەوە یان جێهێشتنی خوێندن:** بە درێژایی کاتی ئەزموونەکە هیچ خوێندکارێك لە هەردوو گروپە خوێندنیان جێ نەهێشت یان گواستنەوە بۆ خوێندنگایەکی تر یان ئامادە نەبوون هەموویان پابەند بوون بە وانەکانی خوێندن.

**هـ/ ئامرازی پێوانەکە:** هەمان ئامراز بۆ هەردوو گروپەکە بەکارهات بۆیە کاریگەری ئەم فاکتەرە بێ لایەن بوو.

### 3. 7. 2. دروستی دەرەوە

أ/ بەشە وانەکان: لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بابەتی کۆمەڵایەتی لە هەفتەیەکدا 4 بەشە وانەی هەیە بۆیە وەك لە خشتەی ژمارە (4) دا ڕوونکراوەتەوە. بەشە وانەی توێژینەوەکە کە دابەشکراوە بەسەر خشتەی وانەوتنەوەی هەفتانە.

**خشتەی ژمارە (4): خشتەی بەشە وانەکانی کۆمەڵایەتی**

| ڕۆژ | کاتی وانەکە |
|---|---|
| 3 شەممە | وانەی سێیەم (گروپی ئەزموونی)   وانەی چوارەم (گروپی کۆنترۆڵ) |
| 4 شەممە | وانەی سێیەم (گروپی کۆنترۆڵ)   وانەی چوارەم (گروپی ئەزموونی) |

ب/ کاتی توێژینەوەکە: ماوەی ئەزموونەکە (6) هەفتەی خەیاند لە هەر هەفتەیەك (4) بەشە وانە هەبوو بۆ هەر یەك لە گروپی کۆنترۆڵ و ئەزموونی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج/ بابەتی خوێندن هەردوو گروپەکە بابەتی خوێندنیان پێ وترایەوە، کە لە بەشی یەکەمی تەوەرەی سنووری توێژینەوەکە خراوەتەروو.
د/ هۆڵی خوێندن: هۆڵی خوێندنی هەردوو گروپەکە وەك یەك بوو لەرووی ژمارەی کورسی، مێز، پەنجەرە، رووناکی دا.
ه/ کاریگەری تاقیکردنەوەی پێشینە: توێژەر ئەم کاریگەریەی بێلایەن کرد دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەری بڕیاردان کە لە سەرەتای ئەزموونەکە بەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپەکە جێبەجێ کرا لە کۆتایشدا دووبارە کراوە، بۆیە ئەگەر کاریگەریشی هەبێت بۆ هەردوو لا دەبێت.

**3 .8. جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:**لە رێکەوتی (25/9/2021)ئەزموونەکە دەستی پێکرد، لە رێکەوتی (6/11/2021)کۆتایی پێهات.

### 3 .9. جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:-

**3 .9 .1. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:** توێژەر لە یەك کاتدا تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئەنجامدا لەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپەکە، بە مەبەستی هاوتاکردنی هەردوو گروپەکە بۆ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە وەڵامەکان ڕاستکرانەوە بە پێی وەڵامی نمونەیی.
**3 .9 .2. پێوەری توانای بڕیاردان:** توێژەر لە یەك کاتدا هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەری توانای بڕیاردان لەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپەکە.

### 3 .10. ئامرازە ئامارییەکان:-

3 .10 .1. تاقیکردنەوەی (T.TEST): تاقیکردنەوەی تی بە بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) بۆ دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ دۆزینەوەی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە، هاوتاکردنی گروپەکان، و دەرخستنی ئەنجامەکان بەکارهات.
3 .10 .2. کای دووجا: بەکارهات بۆ هاوتاکردنی ئاستی دەستکەوتی باوکان و دایکانی خوێندکاران.
3 .10 .3. ئەلفا کرۆنباخ: بەکارهات بۆ دۆزینەوەی جێگری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکار بۆ پێوەری توانای بڕیاردان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. 10. 4. هاو کۆلکەی (J-cooper): بەکارهات بۆ ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان لەسەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و پێوەری توانای بڕیاردان.

3. 10. 5. هاو کۆلکەی پەیوەندی پیرسون: بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (spss)

## 4. خستنەرووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان

### 4. 1. خستنە ڕووی دەرەنجامەکان، کە دوو لایەن لەخۆ دەگرێت:

### 4. 1. 1. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی گریمانی سفری سەرەکی یەکەمی توێژینەوەکە، کە دەڵێت( هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێدەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە دەستکەوتی خوێندنیان لە بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەرهێنا، و دەرەنجامەکان خرانە ڕوو هەروەك لە خشتەی ژمارە (5) دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (5): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-TEST) بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپ لە دەستکەوتی خوێندنیاندا لە بابەتی کۆمەڵایەتی**

| گروپەکان | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | بەهای t-test | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| ئەزموونی | 10 | 83.40 | 8.79 | 12.007 | | 0.005 |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 74.81 | 9.18 | 8.96 | | |

هەروەك لە خشتەی ژمارە (3) دەرکەوتووە، کە بەهای تی گروپی ئەزموونی یەکسانە بە (12.007)کە لە بەهای تی کۆنترۆڵ (8.96) زیاترە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) ئەمەش بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەردەخات لە دەستکەوتی خوێندن، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.

بەمەش گریمانەی سفری سەرەکی یەکەمی توێژینەوەکە ڕەتکرایەوە، و بەمەش گریمانە لەجیاتی پەسەند کرا کە دەڵێت (جیاوازی بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) بەدی دەکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێدەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە دەستکەوتی خوێندنیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی.

### 4. 1. 2. تواناى بڕیاردان:

بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی گریمانی سفری سەرەکی دووەمی توێژینەوەکە، کە دەڵێت (هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێ دەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی زانەیان پێ دەوترێتەوە لە (تواناى بڕیاردان).

توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەرهێنا، و دەرەنجامەکان خرانەروو، هەر وەك لە خشتەی ژمارە (6) هاتووە.

**خشتەی ژمارە (6): ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T-TEST) بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپ لە تواناى بڕیاردان لە بابەتی کۆمەڵایەتی**

| گروپەکان | ژمارەی خوێندکاران | ناوەندی گریمان | ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازاد d.s | لادانی پێودانگی | بەهای t-test ئەژمێرکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 10 | 65 | 88.50 | 9 | 7.64 | 9.71 | بەڵگەداری لە ئاستی (0.01) |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 65 | 58.27 | 10 | 6.55 | -3.40 | |

هەروەك لە خشتەی ژمارە (4) دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی یەکسانە بە (88.50) کە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی کونترۆڵ (58.27) زیاتر لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) و نمرەی ئازادی (42) کە مەش بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەردەخات لە تواناى بڕیاردان، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، بەمەش گریمانەی سەرەکی دووەم ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند کرا کە دەڵێت (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.01) بەدی دەکرێت لەنێوان ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەزموونی کە بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وانەیان پێ دەوترێتەوەو ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە توانای بڕیاردان).

## 4. 2. شیکردنەوەی ئەنجامەکان

ئەو ئەنجامەی کە لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتین ئەوەیە کە بەکارهێنانی ڕێگای گەردەلوولی مێشك لە وانەوتنەوە لە بابەتی کۆمەڵایەتی دەریدەخات کە ئەم ڕێگایە کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتنی خوێندن، توێژەر هۆکاری ئەوە دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێگایە وا لە خوێندکار دەکات کاراو چالاك بێت لە پرۆسەی فێربووندا، بەوەی کە خوێندکاران بەدوای زانیاریەکاندا دەگەرێن و شیکردنەوەیان بۆ دەکەن بە پلانی گونجاو، هەروەها ئەم ڕێگایە وا لە خوێندکار دەکات یارمەتی دەدات لەوەی کە زانیاری پێشووی بەبیر بێتەوە، دیاریکردنی ئەو زانستەی کە دەیەوێت فێری بێت. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی کراوە، هەروەها ئەم ڕێگایەو توانای بڕیاردانی هەبێت، وا لە خوێندکارەکە دەکات کە پشت بەخۆی ببەستێت و بڕیاری دروست بدات.

لەژێر رۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە توێژەر ئەو ئەنجامانەی بۆ دەرکەوت:

1/ وتنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتنی خوێندنی خوێندکاران بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

2/ وتنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بە ڕێگای گەردەلوولی مێشك کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردانی خوێندکاران بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

لە دوای گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستە ڕوو وەك لە خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

## 4. 2. 1. ڕاسپاردەکان:

دوای گەیشتن بە ئەنجامەکان توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات:

1/ پێویستە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی سوود لە ڕێگای گەردەلوولی مێشك وەربگیرێت و وانەی پێ بوترێتەوە.

2/ پێویستە وەزارەتی پەروەردە ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێت بۆ سەرجەم خوێندنگاکان بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایانە بە ئاسانی جێبەجێ بکرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3/ دەرکردنی پەیڕەوێکی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ڕێگای گەردەلوولی مێشک لە بابەتی کۆمەڵایەتی.

### 4. 2. 2. پێشنیازەکان:

پێویستە دوای گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم پێشنیازانە پێشکەش دەکات:

1/ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بێت بەڵام بۆسەر بابەتی تر.

2/ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر هاوشێوە لەسەر قۆناغی ئامادەیی یان زانکۆ لە بابەتی کۆمەڵایەتی.

3/ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە پەروەردەکانی تری قەزاکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**1. پەرتوکەکان:**

1. البطش، محمد وليد، أبو زينه، فريد كامل، (2007)، مناهج البحث العلمي تصحيح البحث والتحليل الإحصائيات، اشراق سعيد التل، عمان الأردن- دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
2. شنودة، أميل فهمي (1980)، أساسيات في الإرشاد والتوجيه النفسي والتربوي، الكويت: مكتبة الفلاح.
3. علي، احسان (2011) البحث تدريسي عناصره ومناهج إدارتة، ط، عنزة، مطبعة مقداد.
4. قطامي، يوسف. (2010). علم النفس التربوي النظرية والتطبيق. ط1، دار وائل للنشر ، الأردن.
5. كامل، عبدالله. (2007). علم النفس العربن، دار الشرق، عمان، الأردن.
6. المنصور، كاسر نمر (2000)، نظرية القرارات الإدارية، (الطلبة الأولى). دار مكتبة الحامد للنشر والتوزيع: عمان.
7. مالك، عبدالغني (2005). سيكولوجيا القرار، دار الضماء للنشر، عمان الأردن.
8. ماهر، داود و حميد مهدي محمد (1991). أساسيات في طرائق التدريس العامة، دار الحكمة للنشر والطباعة، الموصل، العراق.
9. مشرقي، حسن علي (1997) نظرية القرارات الإدارية، (الطلبة الأولى). دار المعيرة للنشر والتوزيع، عمان.
10. موسى، شهرزاد محمد. (2010). القدرة على اتخاذ القرار وعلاقتها بمركز الخيط. عمان: دار صناء للنشر والتوزيع.
11. موسى، محمد أمين (1998) الإدارة التعلمية، أصولها وتطبقاتها ، القاهرة: عالم الكتب.

12. الندوة الإقليمية العربية (2000) التعليم القائم على الجودة: تكامل المهارات الإجتماعية والسلوكية في البرامج المدرسية، مكتب اليونسكو الإقليمي، بيروت، لبنان.
13. ناصر، إبراهيم (1994)، التربية الوطنية، مكتبة الرائد العلمية، عمان.
14. هاموند، حبون و كيني، والف و راليف، هوارد (2000)، الخيارات الذكية، القاهرة، الجمعية المصرية للنشر المعرفة.

**2. نامەی ماجستێر و دکتۆرا:**

1. إيمان، مليكى، ( 2016)، أهمية العصف الذهني في تنمية التفكير الإبداعي دراسة تجريبية: مركز نداء الجزار للتكوين الصناعي والتأهيل المؤسساتي والتدريب القيادي وتطوير الموارد البشرية – بسكرة، رسالة ماجستير- غير منشورة, كلية العلوم الإقتصادية والتجارية و علوم التسيير، جامعة محمد خيضر.
2. الزهراني، عبدالرحمان، (2008)، أساليب التفكير وعلاقتها باتخاذ القرار (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة أم القرى، مكة، سعودية.
3. شريف، عمار، عبداللطيف. (1993). أنماط إتخاذ القرارات في الأجهزة المركزية بالإدارة العامة بالأردن " دراسة ميدانية". رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الأردنية، الأردن.
4. علي، أنيس سلمان (1992) شخصية المدير وأثرها في اتخاذ القرار، كلية الإدارة ولإقتصاد، جامعة المستنصرية، رسالة ماجستير غير منشورة.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

Freidmon, I.A (1996). Prelibation and resolution in decision making process: A self-report scale for adolescents. Education and psychology measurement mvol. 56 No 5, P.P, 881-890, stage publication.
Good, corter,v. (1993), dectionnary of education, 3th ed. New York hill.
Schonk 2000. D.H. Learning theories: An educational perspective, and nerjersy: prentice: Hall, inc, 2000.

**سەرچاوە فەرمیەکان:**

وزارة التربية والتعليم (2003) الإطار العام للمناهج والتقديم، المملكة الأردنية، إدارة المناهج والكتب المدرسية.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (1)

### تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن / ساڵی خوێندنی 2021-2022

پ1/ وەڵامی راست بۆ ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێرە. (30)نمرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1/ ............ بە گرینگترین ناوچەی کشتوکاڵی هەمە جۆری عێراق دادەنرێت.

أ- دەشتی نیشتەنی ب – بانی ڕۆژئاوا ج- بانی جەزیرە

2/ مەبەست لە .......... لە عێراق هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی لەناو سنووری عێراق.

أ- ئاوی ژێر زەوی ب- دەشتی نیشتەنی ج- دەرامەتی ئاو

3/ ئاوی سەرزەوی لە عێراق .......... پێکدێت.

أ- باران و بەفر ب- ئاوهەوای بیابان ج- دیجلەو فورات

4/ ئاوی ژێر زەوی لە عێراق لە ئەنجامی .............. .

أ- بەفرو باران ب- لافاو ج- تەرزە

5/ ............ بە یەکێك لە سەرچاوەکانی دەرامەتی ئاو دادەنرێت.

أ- ئاوی رووبار ب- دەشتەکان ج- ئاوی بەنداوەکان

6/ ئاوی ژێر زەوی بە پلەی ............. دێت.

أ- چوارەم ب- سێیەم ج- دووەم

7/ .......... لە ئەنجامی بوونی رووبەری زەوی تەختایی فراوان ئەنجام دەدرێت.

أ- روەکی سروشتی ب- ئاوی سەرزەوی ج-کشتوکاڵ

8/ بەرهەمی کشتوکاڵ لە عێراق بریتیە لە ...................... .

أ- کونجی ب- دانەوێڵەو لۆکەو برنج ج-خورما

9/ لە عێراق لە دەشتی نیشتەنی .............. بەدیار دەکەوێت.

أ- برنج ب- ماسی ج-دار خورما

10/ ........... ناسراوە بە ئاوهەوای نیمچە خولگەیی.

أ- ئاوهەوای عێراق ب- ئاوهەوای ئێران ج- ئاهەوای سوریا

11/ دەشتی نیشتەنی لەبەر ئەوەی ............ نیە بۆیە بۆ نیشتەجێبوون لەبارە.

أ- شاخاوی ب- بیابان ج- دۆڵاوی

12/ ........... پێکدێت لە ڕێگای ئۆتۆمبێل لە ناوچەی دەشتەکان.

أ- ڕێگای وشکانی ب- ڕێگای ئاسمانی ج- ڕێگای ئاوی

13/ ........... لە ئەنجامی بوونی ڕێگای هاتووچۆ کردن بەدیار دەکەوێت.

أ- رامیاری ب- کۆمەڵایەتی ج- بازرگانی

14/ تێچووی ڕێگایان لە ناوچەی ........ زۆرە.

أ- نیشتەنی ب- ئاوی ج- چیایی

15/ ............ یەکێکە لە کانزاکانی عێراق.

أ- کانزای نافلزی ب- کانزای فلزی ج- کانزای زێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پ2/ بە خشتەو خاڵ جیاوازی بکە لەنێوان ڕێگای وشکانی و ڕێگای ئاسمانی. (6)نمرە**

| ڕێگای وشکانی | ڕێگای ئاسمانی |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |

**پ3/ نیشانەی (√-×) لەبەردەم ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ. (20)نمرە**

1- نەوت و خەلوزو خوێ و گازی سروشتی کانزای نافلزین.

2- نەوت پیشەسازی گرنگ نیە بۆ عێراق.

3- بەرهەمی کشتوکاڵی لە عێراق یەك جۆرە.

4- پیشەسازی پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی دەبەستێت.

5- پیشەسازی پشت بە بەرهەمی ناوخۆ نابەستێت.

6- گرفتی کشتوکاڵ کەم بەکارهێنانی پەینە.

7- پەلەوەرە هەمەجۆرەکان پەلەوەر ناگرێتەوە.

8- ولاتی هاوسنوور لە رۆژهەڵاتی عێراق – ئێرانە.

9- تورکیا دەکەوێتە رۆژئاوای عێراق.

10- زەوی عێراق جۆراوجۆر نیە.

**پ4/ نمونە بۆ ئەمانەی خوارەوە بهێنەوە. (6) نمرە**

1- نمونەیەك بهێنەوە کە ئاوی سەرزەوی عێراق پێك دێنێ.

2- نموونەیەکی رووەکی سروشتی بهێنەوە کە بەرگەی گەرما بگرێت.

3- یەك لە گرفتەکان بنووسە کە بۆتە رێگر لە بەرهەمی ئاژەڵی.

4- نمونەیەکی یاسای میری بهێنەوە بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی.

5- نمونەیەك لە پیشەسازی ناوخۆ بهێنەوە.

**پ2/ب/ بەکورتی باس لەمانەی خوارەوە بکە. (18) نمرە**

1- هێڵەکانی هاتووچۆی ئاسمانی لە عێراق بکە (2)یان.

2- بۆچی رووباری دیجلە بەکەڵك هاتووچۆ نایە.

3- دوو رێگای شەمەندەفەر بنووسە کە دەست پێدەکات لە

4- باسی بانی رۆژئاوا بکە، دەکەوێتە کوێ.

5- یەکێك لە ناوچەکانی ئاوهەوای عێراق بنووسە.

6- رووەکی سروشتی باس بکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- یەکێك لە گرفتەکانی کشتووکاڵ بنووسە.
8- بەشەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ بنووسە.
9- باسی یەکێك لە پیشەسازیە ناوخۆیەکان بکە.

**پ5/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە. (20)نمرە**

1- سنووری وشکانی عێراق ............ کم، سنووری ئاوی ......... کم.
2- بەشەکانی بانی رۆژئاوا بژمێرە ............، ................، ............ .
3- سێ ناوچەی ئاوهەوایی لە عێراق هەیە ..........، ................، .......... .
4- ناوچەی شاخاوی ...........زۆرە.
5- ......... ئاوی کەمە.
6- ............... هۆکاری سروشتی کاری لێ دەکات.
7- ............ ماوەی 8 مانگ بەرگەی بێ ئاوی و پلەی گەرمی بەرز دەگرێت.
8- زەیتون لە شاری موسڵ بە پلەی ............ دێت.
9- گرفتەکانی بەرهەمی ئاژەڵی ................، .................... .
10- پیشەسازی لە عێراق لە پێش کەوتن دابوو تا ساڵی ............. .

**پاشکۆی ژمارە (2)**

**زانیاری وڵامدانەوە بۆ برگەکانی پێوەرەکە**

زانیاری گشتی:

- هەموو پرسیارەکان بخوێنەوەو دواتر وەڵامی یەك بە یەکیان بدەوە.
- بەرامبەر هەر پرسیارێك چوار هەڵبژاردە هەیە (√) لەم بژاردەیە بدە کە هەڵی دەبژێری.

| ژ | برگە | زۆر جێبەجێ دەبێ لەسەرم | ناوەند جێبەجێ دەبێ لەسەرم | کەم جێبەجێ دەبێ لەسەرم | جێبەجێ نابێ لەسەرم |
|---|---|---|---|---|---|
| .1 | بیر لە بڕیاردان دەکەمەوە، کە پەیوەست بێ بە داهاتووم | | | | |
| .2 | بڕیارەکانم، لەسەر بنەمای تێگەیشتنە بۆ بابەتی کێشەکە | | | | |
| .3 | هەنگاوی دروست بۆ بڕیاردان دەگرمە بەر | | | | |
| .4 | لەچوارچێوەی کاتی بەردەست بڕیار دەدەم | | | | |
| .5 | لەکاتی ئاستەنگدا، دەتوانم بڕیار بدەم | | | | |
| .6 | زۆر بە گرانی بڕیار دەدەم | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .7 | پارێزگاری دەکەم لەو بڕیارەی کە داومە | | | | |
| .8 | بڕیاردانی باش، لەکاتی گونجاو | | | | |
| .9 | بڕیار لەسەر ژیانی خۆم دەدەم | | | | |
| .10 | بۆ یڕیاردان، لە بڕیارەکانم، دەرفەتی گونجاو هەڵدەبژێرم | | | | |
| .11 | لەسەر بنەمای دیاریکردنی ئامانج، بڕیار دەدەم | | | | |
| .12 | بۆ بڕیاردان، بە ئارامی و بەبێ هەڵچوون، بیر دەکەمەوەو بڕیار دەدەم | | | | |
| .13 | پشت بەباوانم دەبەستم، بۆ بڕیاردان، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان | | | | |
| .14 | ڕای مامۆستاکەم بۆ هەڵبژاردنی درێژەدان بە خوێندن وەردەگرم | | | | |
| .15 | ناهێڵم هیچ کەسێك ئامانجم تێك بدات | | | | |
| .16 | بیر لە بڕیاردان دەکەمەوە، کە پەیوەست بێ بە داهاتووم | | | | |
| .17 | بڕیارەکانم، لەسەر بنەمای تێگەیشتنە بۆ بابەتی کێشەکە | | | | |
| .18 | هەنگاوی دروست بۆ بڕیاردان دەگرمەبەر | | | | |
| .19 | لەچوارچێوەی کاتی بەردەست، بڕیار دەدەم | | | | |
| .20 | لەکاتی ئاستەنگدا، دەتوانم بڕیار بدەم | | | | |
| .21 | زۆر بە گرانی بڕیار دەدەم | | | | |
| .22 | پارێزگاری دەکەم لەو بڕیارەی کە داومە | | | | |
| .23 | بڕیاردانی باش، لەکاتی گونجاوە | | | | |
| .24 | بڕیار لەسەر ژیانی خۆم دەدەم | | | | |
| .25 | بۆ بڕیاردان، لە بڕیارەکانم، دەرفەتی گونجاو هەڵدەبژێرم | | | | |
| .26 | لەسەربنەمای دیاریکردنی ئامانج، بڕیار دەدەم | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Effect Of Using Brainstorm Strategy on Decision-Making Ability of Ninth Grade Students and Their Academic Achievement in Social Subjects in Koya City Center

**Shamol Ashti Saber**
Department of Psycology, facaulty of education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
shamol.746705@gmail.com

**Asistant Prof. Dr. Jwan Nuri Rasul**
Department of Psycology, facaulty of education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
jwan.nwri@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Brain Storm, Academic Achievement, Decision-Making, Strategy, purpose, scale.*

## Abstract

The main purpose of this research was to determine the effect of using brain storm strategies on academic achievement and decision-making ability in social subjects among ninth grade students.

For this purpose, two main zero assumptions were made:

1. There is no statistically significant difference at the (0.05) level between the mean zeros of the experimental group taught by brain storm and the mean scores of the controlled group taught by conventional method in their overall academic achievement.
2. There is no statistically significant difference at the (0.05) level between the mean zeros of the experimental group taught by brain storm and the mean scores of the controlled group taught by the normal method in their overall decision-making ability.

The method used in this study was semi-experimental, with back-ground testing of study achievement, fore-ground and back-ground testing of decision-making ability.

The sample consisted of 21 students.

The researcher obtained 85% of the experts' votes to ensure the apparent honesty. Then, on an initial test group consisting of 50 male and female students, to eliminate doubt, the fixture was 87, which is a high and appropriate.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

To measure the decision-making ability of the students, the researcher took a scale that consisted of 26 items, A fixture was found, which equal to (85).
The results showed that the brain storm path has a positive effect on both academic achievement and decision-making ability, after analyzing the results, the researcher made some recommendations and Suggestions.

---

## الملخص:

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تحديد أثر استخدام استراتيجيات العصف الذهني على التحصيل الدراسي والقدرة على اتخاذ القرار في المواد الاجتماعية لدى طلاب الصف التاسع الأساسي.
لهذا الغرض ، تم وضع افتراضين صفريين رئيسيين لضمان صحة أهداف البحث ، وهما:

1. لا توجد فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى (0.05) بين متوسطات الأصفار للمجموعة التجريبية التي تدرس بواسطة العصف الذهني ومتوسط درجات المجموعة الضابطة التي تدرس بالطريقة العادية في تحصيلهم الأكاديمي في المواد الإجتماعية.
2. لا توجد فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى (0.05) بين متوسطات الأصفار للمجموعة التجريبية التي تدرس بواسطة العاصفة الذهنية ومتوسط درجات المجموعة الضابطة التي تدرس بالطريقة العادية في قدرتهم على اتخاذ القرار في المواد الإجتماعية.

كانت الطريقة المستخدمة في هذه الدراسة شبه تجريبية ، مع اختبار الخلفية لتحصيل الدراسي، والاختبار الأمامي والخلفي للقدرة على اتخاذ القرار.
وتكونت نموذج البحث من 21 طالبا.
حصل الباحث على 85٪ من أصوات الخبراء للتأكد من الصدق الظاهري، بعد ذلك ، في مجموعة اختبار أولية تتكون من 50 طالبًا وطالبة ، من أجل إزالة الشك ، كان الثابت 87 ، وهو رقم مرتفع ومناسب.
ولقياس قدرة طلاب الصف التاسع على اتخاذ القرار ، اتخذت الباحث مقياسا يتكون من 26 فقرة، تم العثور على الثابت وهو (85).
أظهرت النتائج أن طريقة العاصفة الذهنية لها تأثير إيجابي على كل من التحصيل الدراسي والقدرة على اتخاذ القرار.وبعد تحليل النتائج قدم الباحث عدة توصيات واقتراحات.
**الكلمات المفتاحية:** ( العاصفة الذهنية، التحصيل الدراسي، اتخاذ القرار، استراتيجية، الهدف، المقياس).